کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-4-2007 13:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کاک شێرزاد عومەر لە هەولێر – پەیامەکەت گەیشت ... تەها دەروێش نادر

هۆڵەندا

ڕۆژی 2007/4/5 بابەتێکم لە کوردستان نێت ی ئازیز، خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی هەبوون لەگەڵ ئیسرائیل و دوو ڕوویی شۆفێنیەتی عەرەب) لەلایەن کاک شیرزاد عومەر، بە پێویستم زانی ئەم پەیامەی ئاراستە بکەم لەگەڵ سوپاسم.

وێڕای دەست خۆشی لە پەیامی پیرۆزیی نەتەوەیانەت....

ئێمە لە دوورە وڵاتەوە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی جەنابت، هەموان لەگەڵ ئەوەداین کە عەرەب لە کوردستان کلک وگوێ بکرێن، وەک قەوارەی خۆیان بچووک بکرێنەوە داوا لە دەستەڵاتیش ئەکەین، هیچ ئیمتیازێکیان نەدەنێ و لە بەشی خەڵکی کوردستان دانەبڕێ بۆ عەرەبە عێراقیەکان، لە پاڵ ئەمەشدا ئەرکی جەماوەرە کە هیچ ئەوە دوو نەتەوەی جودابن.

بەڵام هەوڵ بدرێ وەک دوو وڵاتیش سەوداو مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و ووشەی عێراقی لە کەس قبوڵ نەکەن، کەی عەرەب زمانی بە گوێزانێکی تیژ کڕان و ووشەی (شمال) ی کردە کوردستان ئەوا وەک پەنابەرێکی لە خوا بەزیاد و لێقەوماو سەیر بکرێ وبەس.

دواتر کاک شێرزاد گلەیی وگازندەی زۆری لە دەسەڵات هەیە لە بارەی گەندەڵی وشێواوی ئیداری، ئەمانە هەمووی ڕاستن بە زیادەوە بەڵام پێویست بوو وەک قەڵەمێکی نەتەوەیی ڕۆڵی لە بەرچاوی (سەرکردایەتی کوردی) فەرامۆش نەکردایە کە چەند بوێرانە دوور لە سازش کردن چۆن بەگژ ئەو هەموو دوژمنە سەرسەختەی نەتەوەکەماندا ئەچێتەوە.

ئەی ئەرکی نەتەوەیی ئێمە نییە پشتگیری تەواو لەو ئەزمونە بکەین و هەوڵ بدەین شەریک بۆ سەرکردە و دەستەڵات و قەوارەکەمان دروست نەکەین.

لە کۆتاییم دا دەڵێم دەست خۆش کاک شێرزاد پڕ ڕێبواربێ کاروانە نەتەوەیەکەت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.